# عەشق بەرەو شێتبوون دەما

مســـتەفا چـــوارتايــي
chuartaiy@gmail.com



خۆزگە رۆحم
بۆ ساتێک دەبووە پەپوولە و
خۆی دەخستە
دەستی تۆوە
کە هەڵدەفڕی
نەوەستایە
تا دەچووە ناو هەستی تۆوە

بڕوا دەکەیت
هێند هەست بە نزیکیت دەکەم
هەندێ جار لە سێبەرەکەم
بەگومانم
کە هی خۆم بێت
گوێ لە ترپەی دڵم دەگرم
دەڵێم ئەمە
دەبێ هی من یا هی ئەو بێت

دووری چییە
من بە چاوی دڵ دەتبینم
ئەی ناپرسی نابیناکان
چۆن رێ دەکەن
بە چاوی دڵ
شت دەبینن
منیش وەک وان
چاوەکانی خۆم لێک دەنێم
تۆ دەبینم پێدەکەنی
سنووری دووری
دەشکێنم
بە بڕواوە هەنگاو دەنێم

کە گەیشتمەلات
ئەمجارەیان
سەیرت دەکەم
بە ناو دەریای
چاوە جوانە مەستەکانتا

گەشتێک دەکەم
هەرچەند دەڕۆم
هەرگیز ناگەمە کۆتایی
ئاخر چۆن ئاسوودەم دەکەیت
ئارام بگرم
لە کەناری دڵنیایی

من حەز دەکەم وەک چۆن هەنگ
شیلەی دەمی گوڵێک دەمژێ
شیلەی لێوەکانت بمژم
دەترسم کە بێزارتکەم
بۆیە تەنیا وەک پەپوولە
بە سەر پەڕەی
گوڵی لێوی جوانی تۆوە
دەنیشمەوە
تەنیا ماچێکی لێ دەکەم
شیلە وەک خۆی دەهێڵمەوە

نا مەترسە
دیوتە بولبول
جگە لە نەغمەو گۆرانی
پەڕی گوڵێ بڕاکێنێ
دیوتە  پەروانەی شەیدایی
تیشکی مۆمێ وەکوژێنێ

وەک پەروانە
بە گڕی مۆمی جوانی تۆ
ئامادەم خۆم بسووتێنم
بەڵام هەرگیز
لە رووناکی تۆ کەم نەکەم
تۆ بمێنە و، من نەمێنم

ئەڵمانیا ـ کوێلن 16 ئۆکتۆبەری 2006